وردیلەچیرۆک

# جوانکاریی

حەمەفەریق حەسەن



کەپووم نەختاڵێک درێژ بوو؛ جاچی تیایە؟ نەشتەرگەرییان بۆ کردم، دەڵێن ئێستا هەرچی خەوش تیا نییە.. لێوم وەک لێوی کەروێشک بوو؛ ئەو درزەی بۆ دووریمەوە کاکی نوژدار.. هەرچی باڵامە؛ ئەوەیان کەی کێشەیە؟ پێڵاو، بۆی هەیە بستێکیش باڵام سەرخا.. گوێشم تۆزکاڵێ گران بوو. ناردم ئامێرم بۆهات و لە گوێچکەم بەست. گەرچی وژەوەژی کاسی کردووم؛ وەلێ سەد جار شوکر بۆخوا، ئەو کەمایەسییەشم نەما.. کوت وکوێر بووم؛ بە چاویلکە چارم کردو سەبارەت بە سەری (حۆت) م، لەو وڵاتی بەستەڵەکە کاڵاوقژێکی ڕەش ڕەشیان بۆ چێکردم؛ تا مردن و دوای مردنیش، نەسپی دەبێ و نەدەوەرێ.. بەم شێوەیە، هەرچی خەوش هەبێ نەمما!..

کەچی ئەوە ماوەیەکە لە چاویلکەکانمەوە دەبینم، بەهۆی ئامێرەکەی پشت گوێمەوە دەبیستم، پسکە پسکیانەو لەگەڵ منیانە، وەک بڵێن: ((تۆ زۆر قەل و بێئاوەزی!!)) عەشرەت هاوار بێنە فریام، ماخۆلانم پێکەوتووە.. هەرچەند سەر دێنم و دەبەم نازانم ئەم قەلێتییە چۆن چاربکەم؟ ئاوەز، لەکام کۆگاو لای کام نوژدارو کامە وڵات پەیدا بکەم؟

حۆت: سەری بێموو، سەری ڕووتاوە

کڵاوقژ: بارۆکە

دەقی هاوشان: ((لكل داء دواء، الحمق داء ماله دواء./هەر دەردەو دەرمانێکی هەیە، گێلێتی نەبێ دەردێکی بێدەرمانە.))